کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 2-9-2007 23:30

**با خانوویەک بسووتێ موهیم شارێ نەسووتێ ... ڕزگار حەساری**

تێکڕای منداڵان، ڕەنگە بڕێکی زۆریش لە ئێمەی بەناو گەورە! ئەو فیلمە دۆبلاژ کراوە کوردییە کارتۆنییەمان بینیبێ، کە تێیدا کۆشك و باڵەخانەی (خاتوونی نازدارو گوربە)، ئاگر دەگرێ و . تیمی ئاگرکوژێنەوەش بە لۆژە لۆژ بەرێ دەکەون و یەك لە کارمەندەکانی چەند جارێك لە ئۆتۆمبیلەکە دەکەوێتە خوارەوەو (خودە) ی لێ دەکەوێ و هەڵدەستێتەوە. بە هەر حاڵ پاش گەیشتنیان بۆ لای ئاگرەکەو دوای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر، ئەمجاش نەیانتوانی ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکەن و، خانووەکەی (گوربە) لەگەڵ خاك یەکسان بوو.

لە گەڕانەوەی تیمی ئاگر نەکوژێنەوەکەش!، هەروەکو هەنگیان لە دار دۆزیبێتەوە، یان (کەلی سمایل بەگی1) یان بڕیبێ، بەوپەڕی زەوق و بە گۆرانی وتنەوە زیاتر لە جارێ ئەو (5- 6) وشەیەی سەرەوە کە بۆتە ناونیشانی بابەتەکە دەوتەوە..

چەندجار وتنەوەی (با خانوویەك بسووتێ موهیم شارێ نەسووتێ)، ئەگەرچی ناڕاستەوخۆ داننان بوو بە شکستی تیمەکە، لێ لە بەرامبەردا تروسکە مژدەیەکی زۆر کەمیشی دەدا، کە ئەوەتا ئاگرەکە لە خانوویەك زیاتر تەشەنەی نەکرد.

بەڵێ: ڕەنگە بە خوێندنەوەی ئەم چەند دێڕەی سەرەوە، خوێنەری بەڕێز ڕێك بگاتە ئەو بڕوایەی کە ئەوەی من ناوم ناوە (بابەت) !، نەك هەر هیچ بنەمایەکی نووسینی تیا نییە، بەڵکو هەندێ قسەی بێ سەروبەرەو بۆ ڕۆژنامە، نا. بگرە ڕووی مەجلیشی نییە.

ڕاستییەکەی، چۆن تیمی کارتۆنەکە کە نەیانتوانی ئاگرەکە زەفت بکەن. بە کەلامی خوا، منیش وەك ئەوان و وەك حکومەتەکەی قەزای حەویجەو، ڕەنگە زیاتریش بێ دەسەڵات بم، بە تایبەتی لە بواری فراوانی نووسیندا دەستم لە دەستی کەروێشك کورتترە. لەبەر ئەوە داوای لێبووردن لە خوێنەرانی ئازیز دەکەم.

ئەوەی من لێرەدا دەمەوێ عەرزی بەڕێزتانی بکەم، بەراوردێکە یان دروستتر هەڵسەنگاندنێکە لە نێوان ناونیشانی بابەتەکەو، ئەو دیوار بەندە کۆنکرێتییە دوو سێ ڕیزەی پێش پۆلیسخانەی ڕەحیماوایە، هەڵبەتە لەم بەراوردەدا مەبەستم، هەموو بنکەکانی پۆلیس و سەرجەم بارەگای حزبەکانە بە هەموو ڕەنگەکانەوە، بەڵام کە بە (تحدید) ناوی پۆلیسخانەی ڕەحیماوام هێناوە، دیارە مەسەلەکە تەنها لەبەر ئەوەیە کە ڕۆژانە زیاتر لە جارێك بە بەردەم ئەو دیوارە بەرزە. کە بە دیواری بەرلین ـی جاران دەچێ، هاموشۆ دەکەم. ئەگەرنا خوا عالیمە هیچ مەبەستێکی دیکەم نییە، کوردیش دەڵێ (ئەوەی لەبەر چاوانە لەبەر دڵانە) .

حەز دەکەم سەرەتا ئاماژە بەوە بکەم، کە من خەڵکی گەڕەکی ڕەحیماواو و شاهیدی ئەو 3-2 کارە تیرۆریستییەی بەردەم بنکەکەشتان بووم و هەروەها ئەوەش دەزانم لە ئەنجامی کردەوە چەپەڵەکاندا، دەستەیەك پۆلیسی پاڵەوان بوونە قوربانی و، کە جێی شانازی ئێمەن، پێم وایە ئێوەش دەبێ ئەو ڕاستییە باش بزانن کە تیرۆریستان، ئامانجیان تەنهاو تەنها لە ناوبردنی ئێوە وەك هێزی چەکدار نییە، بە قەدەر ئەوەی کە ئێستا تەواوی هێزو توانای خۆیان، بۆ لەناوبردنی خەڵکی بێ دیفاع تەرخان کردووە.

زنجیرە تەقینەوەکانی سەر بازاڕەکەی ڕەحیماوا، کە هەر چەند سەد مەترێك لە بەڕێزتانەوە دوورە، هەروەها تەقینەوەکانی (2) هەفتەی ڕابردووی بازاڕی شۆرجەو بازاڕی حوریە و ... هتد، کە بە دەیان

---

1 ئەو کەل–یە، یان ئەو هەورازەیە کە لە شێوەسور–ەوە دێتە سەر ڕێ بەرەو ناحیەی ڕێدار.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هاووڵاتی لە ژن و منداڵ و پیرو بێ دەسەڵات بوونە قوربانی، بەڵگەی زیندوون بۆ ئەوەی بزانین، کە کارە تیرۆرستییەکان دژ بە هاووڵاتیانی بێ دیفاع چەند بەرابەرە، بە بەراورد لەگەڵ هێزی چەکدار، ئاخر بمانەوێ و نەمانەوێ تیرۆریستان کەمێك، -زۆر کەم- چەکەرە لە چەکەکانی ئێوە دەکەن و تۆزێك لێی دەرەوێنەوە، وەلێ ئێمەی بێ چەك و بێ توانا بەیانیان کە دەردەچین ئەوە بێ سێ و دوو کردن خۆمان تەسلیمی قەدەر دەکەین.
لێرەدا بەراوردکردنەکەم، زۆر زەق دەبێتەوە، دروستکردنی ئەو دیوار بەندەو شورە (ساتر) ی خۆڵ و بە قەڵاکردنی بنکەکە، سەد دەر سەد پێچەوانەی ئەو دروشمەیە، کە تیمی ئاگر کوژێنەوەکە دەیانوتەوە، ئاخر سەرەڕای نەکوژانەوەی ئاگرەکە، ئەوان تروسکە هیوایەکیان بە خەڵکی بەخشی، بەوەی کە ئاگادار بن ئاگرەکە تەنها ماڵی (خاتوونی نازدار) ی سووتان و کۆنترۆڵ کرا، وەلێ ئەوەی من لەو دیوارە بەرزەی ئێوە دەیخوێنمەوە، (خوا بکەم وا نەبێ) تەنها مەبەستتان پاراستنی یەك خانووە، -واتە بنکەکەتان نەك گەڕەکەکە- ئێوە هەندێ جار سەرەڕای ئەو دیوارو شورە خۆڵەش، دێن شەقامەکەی بەردەم بنکەکەش دەگرن و هاتووچۆی ئۆتۆمبیل و قەرەباڵغییەکە هەمووی لە سایدی بەردەم گەراجەکەی بەرامبەرتان کۆدەبێتەوە، کە ئەمەش هەر کێشەیەکی دیکەیە و حەقی بیر لێکردنەوەی هەیە بۆ پاراستنی، چونکە وەك رۆژی روناك ئاشکرایە تیرۆریستان قەرەباڵغییان پێ لەبارترە بۆ ئەنجامدانی کارەکەیان.
لەلایەکی تریش هەرچەندە دیواری چیمەنتۆی ئێوە روو لە هەوراز هەڵکشێ، بە دڵنیاییەوە کێوی لە بەفر دروست کراوی ورەی منی ترسنۆکیش لەم قرچەی گەرمای تەقینەوە زۆرەدا سات بە سات بەرەو نشێو رۆدەچێ. بۆیە وا باشترە ئیتر بڵێین:
(با گەڕەکێ بسووتێ، موهیم مەرکەزێ نەسووتێ) .

2007/8/26

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.